# پێشترێتیی دێموکراسی یان سۆسیالیزم؟

**بیریار ژاوەرۆیی**

بەپێـی وتارەکانـی لـە ڕۆژنامەی کوردسـتاندا، قـازی محەمەد زەینییەتێکـی دێموکڕاتیکی هەبـوو و دێموکراسـی بـۆی بنەمـا بـوو. لـە سەرەتاشـدا وێـڕای زاڵیەتـی و کاریگەریـی سـۆڤییەت، چالاکانـی کـورد، حیزبـی دێموکڕات پێـک دێنن نەک حیزبی سۆسیالیسـت. بـەڵام ئەگـەر لـەم قۆناخە تێپەڕین و باسـی سـەردەمی پاش هێنانە ئارای سۆسـیالیزم لەم حیزبـەدا بکەیـن، ئـەدی ئـەو پرسـیارەی سـەرەوە دێتـە گـۆڕێ. لـەو پەیوەندییـەدا ڕەنگە بگوترێـت هـەروەک دێموکراسـی لیبراڵ و سۆسـیالی هەیە، سۆسـیالیزمیش دێموکڕاتیک و نادێموکڕاتیکـی هەیـە. بـەڵام لێـرەدا جیاوازییەکە ئەو پێشـترێتییەیە کە لـە یەکەمدا بە خـودی دێموکراسـی دەدرێـت و بـە هـۆی ئازادییـەوە ڕێـگای گـۆڕان کراوەتر و هاسـانترە و دەکـرێ لـە ئازادیـدا و بـە هەبوونـی سـەروەریی یاسـا بـۆ مافەکانـی تـر تێبکۆشـرێت.

ماوەیەک لەمەوبەر وتارێکی بەڕێز سارۆ ئەردەڵان لە ژێر ناوی "چل ساڵ پاش کورتەباس: بۆچی سۆسیالیزمی دێموکراتیک هێشتا کارامەیە؟" لە پەرتووکی "لە ژێر ساباتی قاسملوو" بڵاو بووەوە. وێڕای دەسخۆشی بۆ ورووژاندنەوەی ئەو باسە، لە ئاراستەی باس و ڕوونکردنەوەی زیاتر و هەروەها پێشنیاری خوێندنەوەی سۆسیالیزمی دێموکراتیک و سۆسیال دێموکراسی لە ڕوانگەیەکی جیاواز لە سۆنگەی دژایەتیی سۆسیالیزم-کاپیتالیزم، لێرەدا بە کورتی تیشکێک دەخرێتە سەر ئەو وتارە و هەندێ پرسیار کە دەکرێ لەو بوارەدا بهێنرێنە ئاراوە، لەکاتێکدا کە ئەم بابەتانە، بیروڕای جیاوازیان لەسەرە و کراوەن بۆ باس کردن.

دیارە ئەو وتارە باسی ئەزموونی سۆسیالیزمی دێموکراتیک لە وڵاتێکدا ناکات کە بە کردەوە دابەزێنراوە تاکوو بمانەوێت کارامە یان ناکارامەبوونی شی بکەینەوە. بۆیە سەردێڕی وتارەکە لە خۆیدا خوێنەر ڕووبەڕووی ئەو پرسیارە دەکاتەوە کە ئاخۆ "سۆسیالیزمی دێموکراتیک" لەلایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە کاری پێ کراوە تاکوو باسی کارامە یان ناکارامە بوونی بکرێت؟ ئەگەر وایە، بێجگە لە بەرنامە و ئامانجێک بۆ داهاتوو، ئاخۆ لە کردەوەدا چەندە زاڵ بووە، گرنگایەتیی پێ دراوە و ڕەنگدانەوەی هەبووە؟ وەکوو ئایدۆلۆژیا فانکسیۆن/کردە سیاسییەکانی چی بوون، چەندە بووەتە هۆی وەجووڵەخستن و تۆکمەیی خەڵک و لایەنگرانی حیزب؟ بە بەراورد لەگەڵ ناسیۆنالیزم، ئەوەی مێژووی حیزبی دێموکرات دەریدەخات، پێشاندەری زاڵبوونی سۆسیالیزم لەو حیزبەدا و کردەی سیاسیی ئەو لە نێو جەماوەردا نییە. لە کۆمەڵگادا ئەو حیزبە بێجگە ماوەگەلێکی کورت لەسەر دەسەڵات نەبووە تاکوو هەلی دابەزاندنی سۆسیالیزم، چ سۆسیالیزمی هەبوو و چ سۆسیالیزمی دیموکراتیکی هەبێت، بێجگە لە هەبوونی شۆراکان کە ئەوەش زیاتر پەیوەندیی بە دیمۆکراسییەوە هەبووە. بێ ڕەچاوکردنی جۆرەکەی، سۆسیالیزم زیاتر باسێک بووە لە ناو هەندێ لە سەرکردایەتیی حیزبی دیمۆکراتدا. تەنانەت باسی سۆسیالیزم چ لە سەردەمی چوون بەرەو سۆسیالیزمی هەبوو و چ لە سەردەمی چوون بەرەو سۆسیالیزمی دێموکراتیکدا، نەک هەر تۆکمەیی ناوخۆیی حیزبی بەدواوە نەبووە و بۆ جووڵەخستنی ئاپۆرەی خەڵکیش بەکار نەهێنراوە، بەڵکوو کێشە و دووبەرەکییشی لێ کەوتووەتەوە؛ واتە کردەی نەرێنییشی هەبووە. هەروەها بە هۆی کاریگەریی بیر و پێکهاتەی حیزبە سۆسیالیستەکان، حیزبی دێموکرات بە کردەوە لە بواری دێموکراسییشدا تووشی کێشە بوو و نەتەنیا پێکهاتەی سێنتراڵیزەی هەبووە، بەڵکوو لە هەندێ قۆناخدا بە وێناکردنی خۆی وەک حیزبی "حاکم" لە کوردستاندا، ئازادیی حیزبیی بەرتەسک کردووە، بۆ وێنە بەشداری لە چەک کردنی سوپای ڕزگاری و هەروەها لە شەڕ و ناکۆکی نێوان حیزب و ڕێکخراوە سۆسیالیستییەکان کە یەکتریان بە شیاوی لەنێوبردن دەزانی. بۆیە دێموکراتیک بوونیشی چووە ژێر پرسیارەوە. کە ئەمەش بۆخۆی، بێ ڕەچاوکردنی کاریگەریی ناسیۆنالیزم، نموونەیەکی ترە لە دواهات یان کردەی نەرێنیی زاڵیەتیی سۆسیالیزم بە سەر دێموکراسی لە بیروهزردا، کە دواتر باس دەکرێت.

هەر لەو پەیوەندییەدا، هەروەک هەندێ جار لایەنگرانی سۆسیالیزمی دێموکراتیک باسیان کردووە، ڕەنگە مەبەست کارامەبوونی لە قۆناخی خەبات و شۆڕشدا بێت و ئەوەی کە نابێ سنووری سۆسیالیزم وەکوو ئایدۆلۆژیای شۆڕش تێپەڕێ و سۆسیالیزم بۆ ئەو قۆناخە، ئەگەر بە ڕواڵەتیش بێت، گرنگترە لە ئایدۆلۆژییەکانی تر. لە پۆستی ناساندنی ئەو وتارەشدا لە فەیسبووک سارۆ ئەردەڵان بۆخۆیشی دەڵێ: "پێموابووە ئەو باسە بۆ خەباتی نەتەوەیی لە کوردستان گرنگە." کەچی حیزبی دیمۆکرات ئەوەی

وەک بەرنامـەی داهاتوو واتە دوای سـەرکەوتنی خەبـات و کاتێک بـە دەسـەڵات دەگات دیاریی کـردووە. لێرەدا ناکۆکییەک دێتە ئـاراوە ئەویش ئەوەیـە کـە ئەگـەر سۆسـیالیزم پێویسـتی سـەردەمی خەبات و شۆڕشـە بۆچی "حدکا" لە کـردەوەدا وەک ئامـاژە کرا سۆسیالیسـت نەبووە و زیاتـر لـە ٧٠ سـاڵە کە لە قۆناخـی خەباتدایە، بـە کـردەوە ناسیۆنالیسـت بووە و سۆسـیالیزمی وەکـوو "ئامانجـی دواڕۆژ" حەواڵـەی داهاتـوو کـردووە. ئـەوەی خەڵکـی وەجووڵـە خسـتووە و بووەتـە هـۆی تۆکمەیـی، کوردایەتـی بـووە؛ تەنانـەت زۆربـەی ئەندامانـی بە هـۆی هەسـتی نەتەوایەتی ڕوویـان لـەو حیزبە کـردووە و نە وەک سۆسیالیسـت بەڵکوو وەک دێموکـڕات خۆیـان ناسـاندووە. کاتێـک ئـەو ئایدۆلۆژیایـە ڕەنگدانەوەیەکـی لـە کـردەوەدا نەبـووە، دیـار نییـە بـێ کـردەوە چـۆن کارامەبوونی دەسـەلمێندرێت. لەلایەکـی ترەوە، ئەو پرسـیارە دێتـە ئـاراوە کـە ئاخـۆ ئەمـە پێشانـــدەری کـــارامـــەییی سۆسـیالیزمی دێموکڕاتیکـە کە حـدکا بـە کـردەوە "بەرەو سیـــاســـەتێکی ســۆسیال دیمـــۆکراتیـــانە هەنگاوی نـاوە"؟ چـۆن دەکـرێ سۆسـیال دێموکراسـی ڕەد بکەینـەوە بـە هـۆی پەیوەنـدی لەگـەڵ سـەرمایەداری کـە دەبێ بروخێـت (کورتەباس، ل. ٤٠-٤١)، و هـاوکات لـە کردەکانـی کەڵـک وەرگریـن یان ئایدۆلۆژیاکەی خۆشـمان، کردەی هاوشـێوەی هەبێـت. ئاخـۆ نابێ بـە ڕوانگەیەک سـەیری ئـەو ئایدۆلۆژییـە نزیکانـە بکـرێ کـە ڕێگایەکـی پاسـاودار بـۆ هـاوکاری بهێڵرێتـەوە؟ (هەربـەو جۆرەی لـە کۆنگرەی ئینتەرناسـیۆنال سۆسیالیسـتدا ڕووی داوە) لەکاتێکدا هەردووکی

سۆسـیالیزمی دێموکڕاتیـک و سۆسـیال دێموکراسـی وەک ئایدۆلۆژیـا، سیسـتەمی هزرییان لە پشـتە بەوجۆرەی لە ئەورووپا سەریان هەڵداوە و گەشەیان سەندووە و تەنانەت ڕیشەی هاوبەشـیان هەیە، لە کورتەباسـدا یەکیان وەک ڕێبازێکی سـادە و ئەوی تریان وەک سیسـتەم و ئایدۆلۆژیایەکی گرنگ سەیر دەکرێت. وتارەکەی سـارۆ ئەردەڵانیـش وێـرای ئەوەی کە بە پشـت بەسـتن بـە پەرتووکە زانسـتییەکان، سۆسـیال دێموکراسـی بـە ئایدۆلۆژیـا ناو دەبـات، هەر ئەو ڕوانگەیە دووپات دەکاتەوە. دیارە د. قاسـملوو بە پێـی هەلومەرجی ئـەو دەم هەڵوێسـتی سۆسیالیستیی هەبـووە و زیاتـر لـە هەوڵـی ئـەوەدا بـووە کـە دڵنیایـی بـدات کـە بازنەی سۆسیالیزمی تێنەپەڕاندووە، بۆیە لە سـۆنگەی دژایەتیی سۆسـیالیزم-کاپیتالیزمەوە ئـــامــــاژە بـــە ڕێبازی ڕیفـــورمیستیی حیـــزبە سۆسـیال دێموکڕاتـەکان دەکات. بـەڵام ئاخۆ دەکرێ لـە ئێستاشـدا هـەر بـەو سۆنگەیەوە لەسەر سۆسیال دێموکراسـی بـاس بکرێت؟ لێـرەدا بەپێچەوانـەی دەقی کورتەباس کە بە دابەزاندنی بـۆ ڕێبازێکـی حیزبـی خـۆی دەربـاز دەکات، وتارەکـە ڕووبـەڕووی ئـەو پرسـیارە دەبێتـەوە کـە چـۆن دەکـرێ سۆسـیال دێموکراسـی ئایدۆلۆژیایەکـی کاریگـەر بێـت، بـەڵام خـاوەن سیسـتەمێکی هـزری نەبێـت و هاوکاتیـش بـە بەرتەسـکردنەوەی بـۆ ڕێبـاز و پالیسـی حیـزب یـان دەوڵەتێـک (هەڵبـەت ئەمەش خـۆی هەر بەرهەمـی هزرییـە) بمانەوێت لە کردەکانیشـی کەڵـک وەرگرین. هەروەها، ئەگەر سۆسـیالیزمی دێموکڕاتیـک بـەو جۆرەی لە "حـدکا"دا هەبووە

> ولاتانـــی سۆســـیال دێموکرات لانیکەم تاکوو ئێســـتا بە بەراورد لەگەڵ ولاتە سۆسیالیســـتەکان لـــە بەدیهێنانـــی ســـەروەریی خەڵک، ئـــازادی و دادپەروەریدا ســـەرکەوتووتر بـــوون. ڕۆڵـــی دەوڵەت لـــە "چـــارەســـەریی نایەکسانیی سیستەمیک" تایبەت بـــە سۆســـیالیزمی دێموکڕاتیک نییـــە، گەرچـــی ناکـــرێ ڕۆڵی خـــودی دەوڵەتیـــش لـــەو نایەکســـانییەدا ڕەچاو نەکرێت.

کە کردەیەکی ئەوتۆی نەبووە، نە بۆ ڕابردوو و ئێستای حیزب و نە لە پێناو رووخاندنی سەرمایەداری وەک لە "کورتەباس"دا هاتووە و تەنیا بۆ داهاتوو رەچاو کراوە، ئاخۆ ئەوە دانەبەزێنراوە بۆ ئاستی رێباز/پالیسی سادەی حیزبی بەوجۆرەی لە کورتەباسدا لەسەر سۆسیال دێموکراسی باس کراوە؟ هەرچۆنێک بێت، ئەم شێوە روانینە بۆ ئەم سەردەمە نە تەنیا رێئالیستی نییە، بەڵکوو دیسانەوە لە دەلاقەی سۆسیالیزمی داخراوەوە سەیری پەیوەندییەکان دەکات و بە جۆرێ لە زاڵبوونی سۆسیالیزم بە سەر دێموکراسیدا سەرچاوە دەگرێت. کەواتە، وێڕای گرنگیی "کورتەباس" و هەوڵەکانی د. قاسملوو لە باری تیۆریکەوە بۆ گەڕاندنەوەی باسی دێموکراسی پاش زاڵیەتیی سۆسیالیزمی هەبوو لە ناو حیزبی دیمۆکراتدا و هەوڵی بۆ دێموکراتیک کردنی سۆسیالیزم و گۆڕان بەرەو سۆسیالیزمی دیمۆکراتیک وەکوو ئامانجی دوارۆژ، واتە بۆ بەدیهێنانی سۆسیالیزمێک لە کوردستاندا کە دێموکراتیک بێت، بە هۆی بارودۆخی ئەودەم و روانینی بە چاویلکەی ئابووری و سۆسیالیستییەوە، وا دەردەکەوێت کە ئەوەندەی پەرۆشی مانەوە لە چوارچێوەی سۆسیالیزم لە بەرانبەر کاپیتالیزمی هەبووە، سەرنجی پێشترێتیی لە نێوان سۆسیالیزم و دێموکراسی نەداوە تاکوو لەم رێگایەوە هەوڵ و پەیوەندییەکانی داهاتوو پاساویان هەبێت. بۆیە، هەر وەک لە وتاری چەند ساڵ پێشی نووسەردا لە روانگەی گرنگایەتیی دێموکراسییەوە باس کراوە، بەپێی سەردەم و گۆڕانکارییە جیهانییەکان و هەروەها خودی حیزبی دێموکراتی کوردستان وەک حزبێکی دێموکرات، پرسیاری سەرەکی ئەوەیە کە لەو حیزبەدا دەبێ پێشترێتی بە دێموکراسی بدرێت یان بە سۆسیالیزم؟ دیارە لە سەرەتادا تا هێنانە ئارای باسی سۆسیالیزم وەکوو بەرنامەی دوارۆژ و کاریگەری حیزبی توودە، دێموکراسی و بەدیهاتنی مافی نەتەوەیی لە حیزبی دێموکراتدا بنەمای سەرەکی بووە. بەپێی وتارەکانی لە رۆژنامەی کوردستاندا، قازی محەمەد زەینییەتێکی دێموکراتیکی هەبوو و دێموکراسی بۆی بنەما بوو. لە سەرەتاشدا وێڕای زاڵیەتی و کاریگەریی سۆڤییەت، چالاکانی کورد، حیزبی دێموکرات پێک دێنن نەک حیزبی سۆسیالیست.
بەڵام ئەگەر لەم قۆناخە تێپەڕین و باسی سەردەمی پاش هێنانە ئارای سۆسیالیزم لەم حیزبەدا بکەین، ئەدی ئەو پرسیارەی سەرەوە دێتە گۆڕێ. لەو پەیوەندییەدا رەنگە بگوترێت هەروەک دێموکراسی لیبراڵ و سۆسیالی هەیە، سۆسیالیزمیش دێموکراتیک و نادێموکراتیکی هەیە. بەڵام لێرەدا جیاوازییەکە ئەو پێشترێتییەیە کە لە یەکەمدا بە خودی دێموکراسی دەدرێت و بە هۆی ئازادییەوە رێگای گۆڕان کراوەتر و هاسانترە و دەکرێ لە ئازادیدا و بە هەبوونی سەروەریی یاسا بۆ مافەکانی تر تێبکۆشرێت. لەکاتێکدا کە لە دووەمدا پێشترێتییەکە بە سۆسیالیزمە کە ئەو رادە ئازادییەی تێدا بەدی ناکرێ و لە ناخدا هەڵگری لایەنی نادێموکراتیک و سەرووی یاسایە و بە کردەوەش وێڕای ئیدیعای دێموکراتیک بوون، ئەزموونی وڵاتە سۆسیالیستەکان ئەوەی سەلماندووە. بە واتایەکی تر ناکۆکییەک لە نێوان سۆسیالیزم و دێموکراسیدا پێکدێت کە بە هۆی زاڵیەتیی یەکەمەوە جێبەجێکردنی بنەماکانی دووەمی بەرتەسک دەکرێنەوە. بنەماکانی دێموکراسی واتە ئازادی، ئاشتی و دادپەروەری، لە وڵاتانی سۆسیالیستدا زیاتر تووشی قەیران بوون، بە جۆرێ کە سۆسیالیزم بۆ بێدەنگ کردنی پرسەکانی تر بەکار هێنرا. بۆ وێنە نە تەنیا دادپەروەری و بەرابەری بۆ لایەنی ئابووری و سەروەریی چینێکی تایبەت، بەڵکوو ئازادیی سیاسییش بۆ ئازادیی تاکە حیزب یان لایەنێک بەرتەسک کرانەوە.
لەو پەیوەندییەدا پێویستە ئاماژە بکرێت

کە ڕاستە سەرمایەدارییش تووشی کێشە و قەیران بووە، بەڵام سۆسیالیزم زۆر زووتر تووشی قەیران بوو و هەروەها کە وڵاتانی سەرمایەداری بەرەو سەرنجدان بە هەندێ لایەنی سۆسیالیستی ڕۆشتوون، زۆرێک لە وڵاتانی سۆسیالیستیش بەرەو سەرمایەداری ڕاکێشراون. هەروەها، ناکرێ یەکلایەنە تەنیا سەیری گەندەڵیی کەرتی تایبەت بکرێت، بەڵکوو پێویستە سەرنجی گەندەڵی لە ناو و بە ناو دەوڵەت و خەڵکیشەوە بدرێت کە ڕەنگە لە ناو دەوڵەتدا زیاتر "بە پاساوی بەرژەوەندیی خەڵکەوە" گەندەڵی بکرێت. لە مێژە باس لەوە کراوە کە جیهان بەرەو هاوسەنگییەک لەو دوو ئایدۆلۆژیا سەرەکییە ڕۆشتووە و سەردەمی ئەوە نەماوە کە وەک دوو جەمسەری ڕەش و سپی سەیر کرێن کە دەبێ یەکیان ئەوی تر لە نێو ببات. هەروەک لە وتارەکەشدا ئاماژە بە هەندێ بیروڕا وەک ئەوەی کینۆرسی کراوە، بە بڕوای نووسەر قەیرانەکانی سەرمایەداری ڕەنگە ببنە هۆی ڕۆشتن بەرەو سۆسیال دیمۆکراسی کە پێشترێتیی دیمۆکراسییش ئەو ئازادییەی ڕەخساندووە، بەڵام نەک بەرەو ئەو سۆسیالیزمەی کە ڕووخاندنی سەرمایەداری ئامانجیەتی و لە کورتەباسدا پێداگریی لەسەر دەکرێت، ئەویش لە سەردەمی پاشەکشێ یان سەرنەکەوتنی سۆسیالیزمدا. بۆ وێنە لە فەرەنسەدا کە د. قاسملوو وەک نموونە باسی دەکات، بینرا کە بەرەو سۆسیال دیمۆکراسی چوو نەک سۆسیالیزمی دیمۆکراتیک. دیارە هەموو سیستەمەکان بریتی لە سیستەمی وڵاتانی سۆسیال دیمۆکرات کێشەی تایبەتی خۆیان هەیە، هەروەها کە لە وڵاتانی سۆسیالیستیدا هەبووە و هەیە. ئەوەی گرنگە ئاستی کێشەکانە. لەم بوارەدا لە جێی پشت بەستن بە "ئەگەری" ڕەخنەگران، شێوازی بەراوردکارانە لەگەڵ یەکتر بەپێی پێوەرەکان لە بوارە جیاوازەکاندا زیاتر کارامەییی سیستەمەکان دەردەخات. بۆ وێنە نەتەنیا هەموو سیستەمە سۆسیالیستییەکان، بەڵکوو زۆرێک لە سیستەمەکانی تریش بە ڕێژیمی ئیسلامیی ئێرانیشەوە، بە باوەڕی خۆیان، خۆیان بە دێموکراتیک دەزانن. بەڵام ئاخۆ بەپێی پێوەرەکانی دێموکراسی و دێموکراتیک بوون دەکرێ ئەوانە بە دێموکراتیک دانرێن؟ دیارە زۆریان ناکەونە ئەو بازنەیەوە. هەر لەو پەیوەندییەدا وڵاتانی سۆسیال دێموکرات لانیکەم تاکوو ئێستا بە بەراورد لەگەڵ وڵاتە سۆسیالیستەکان لە بەدیهێنانی سەروەریی خەڵک، ئازادی و دادپەروەریدا سەرکەوتووتر بوون. ڕۆڵی دەوڵەت لە "چارەسەریی نایەکسانیی سیستەمیک" تایبەت بە سۆسیالیزمی دێموکراتیک نییە، گەرچی ناکرێ ڕۆڵی خودی دەوڵەتیش لەو نایەکسانییەدا ڕەچاو نەکرێت. ڕەنگە قەبارەی دەوڵەت و ڕادەی دەستێوەردانی جیاواز بێت، بەڵام لە زۆربەی سیستەم و ئایدۆلۆژیاکان لەوانە سۆسیال دێموکراسییش ڕۆڵی دەوڵەت لە چارەسەریی نایەکسانی یان ڕێگای کۆنترۆڵ و چاوەدێری و وەڵامدەربوون ناسراوە. ئەوەی پێویستی سەرنجە ئەوەیە کە چ دەستێوەردانی ڕەهای دەوڵەت و پاوانکردنی هەموو شت لە دەستیدا، چ بەرەڵاکردنی ڕەهای بازاڕ بۆ کۆمەڵگا کێشەسازن. هەرچۆنێک بێت لێرەدا باسی بەرگری لە دێموکراسییە، نەک پێشترێتیی سەرمایەداری لە دووانەی سۆسیالیزم-کاپیتالیزمدا. حیزبی دێموکراتیش بێجگە لە هەندێ کاریگەریی بیری سۆسیالیستی بەتایبەت لە باری پێکهاتەی حیزبییەوە، بە کردەوە ئەوەندە سۆسیالیست بوونی زەق نەبووە و هەموو ئەو باسانەش لە کەشوهەوایەکی سیاسی-ئایدۆلۆژیکی جیاوازدا تەگبیر بۆ داهاتوو بووە کە دەکرێ پێداچوونەوەیان بە سەردا بکرێت. بۆیە لە ئاراستەی گۆڕانکاریی جیهانیی باسکراو لە سەرەوە کە سەردەمی ڕەش و سپی دیتن و سنووردارکردنی ویژەی خۆ لە ناو بەرەیەکدا باوی نەماوە، نووسەر

بە باشتری دەزانیێ لە جێی خۆ قەتیس کردنەوە لە بازنەی ئەو دژایەتییە تۆخەی ئایدۆلۆژیا سەرەکییەکانی سەردەمی شەڕی سارد، بەرەو ڕوانگەیەکی مامناوەند لەسەر بنەمای خودی دێموکراسی هەنگاو هەڵێنرێت. بۆ وێنە، ناکرێ حدکا لەگەڵ ئەو هەموو حیزبە سۆسیال دێموکڕاتانە کە بەشداری سەرەکیی ئینترناسیۆناڵ سۆسیالیستن لە ژێر چەترێک کۆ ببێتەوە و هاوکات بە زمانی چل ساڵ پێش لە سۆنگەی ڕێفۆرمیست بوون و خزمەت بە سەرمایەداری سەیریان بکات، ئەگەر هێشتا دەقی کورتەباس بنەما بێت کە سۆسیال دێموکراسی ڕەت دەکاتەوە و دەیەوێت بە تەواوی سیستەمی ئابووریی کاپیتالیستی بگۆڕێ بە سۆسیالیستی. بۆیە پێویستیی بە گۆڕانێک هەست پێ دەکرێت؛ یان بەدواداچوونی لۆژیکێکی جیاواز و ڕاڤەیەکی نوێ و ڕاهاتوو لەگەڵ سۆسیالیزمی دیمۆکراتیکی کۆنگرەی ئینتەرناسیۆناڵ سۆسیالیست یان چوون بەرەو سۆسیال دێموکراسی. لە سۆسیالیزمی دێموکڕاتیکی کۆنگرەی ئینترناسیۆناڵ سۆسیالیستدا کە لەڕاستیدا لە سۆسیال دێموکراسی نزیکە و زیاتر حیزبە سۆسیال دێموکڕاتەکان ڕێبەرایەتییان کردووە، بنەما دێموکراسییە. واتە سۆسیالیزم بە دێموکراسی سنووردار دەکرێتەوە، نەک پێچەوانەکەی. لە ڕوانگەی ئەم کۆنگرەیەوە سۆسیالیزمی دێموکڕاتیک "بزووتنەوەیەکی نێونەتەوەییە بۆ ئازادی، دادپەروەری و تۆکمەییی کۆمەڵایەتی. ئامانجەکەی گەیشتن بە جیهانێکی پڕ لە ئاشتییە کە تێیدا ئەم بەها بنەڕەتییانە دەکرێ پەرەیان پێ بدرێت و هەر تاکێک دەتوانێ ژیانێکی واتاداری لەگەڵ گەشەی تەواوی کەسایەتی و بەهرەی خۆی و لەگەڵ گەرەنتیی مافەکانی مرۆڤ و مەدەنی لە چوارچێوەی کۆمەڵگایەکی دێموکڕاتیکدا هەبێت." لەلایەکی تریشەوە وێدەچێت "سۆسیال دێموکراسی" کە وەکوو فۆرمێکی گەشەسەندووی سۆسیالیزمی دێموکڕاتیکیش ڕەچاو کراوە، لەناخدا هەڵگری ئەوە بێت کە ئەو هەنگاوەی بەرەڕوو هەڵێنرێت؛ ئایدۆلۆژیایەکی مامناوەند لەسەر بنەمای دێموکراسی کە لە باری ئابوورییشەوە گرنگیی بە لایەنی کۆمەڵایەتی/سۆسیال داوە و هاوسەنگییەکی پێکهێناوە و وەکوو پاڵپشت بۆ سیستەمێکی سیاسیی جیاواز و دەوڵەتی خۆشبژیو بەتایبەت لە ئەورووپای ڕۆژئاوا دەرکەوتووە. هەرچەند ئەو ئایدۆلۆژیایە بە هۆی سروشتی مامناوەندی بوونی لە شەبەنگی نێوان چەپ و ڕاستدا، بە هەر دوو لاوە پەیوەند دراوە و وێڕای بوونی لە بەرەی چەپدا لە چوارچێوە و ئابووریی کاپیتالیستیدا یان کاپیتالیزمی دێموکڕاتیکدا ڕەچاو کراوە، دەکرێ بە ڕاڤە و تێبینییەکی جیاواز و لە ڕوانگەی پێشتریێتی و گرنگایەتیی دێموکراسی بە سەر هەردووکی سەرمایەداری و سۆسیالیزمدا سەیر بکرێت نەک بە چاویلکەی سۆسیالیزم یان دژایەتیی سۆسیالیزم-کاپیتالیزمەوە کە زیاتر پەیوەندی لەگەڵ سەرمایەداری و ڕێفۆرمیستیی بوونەکەی دەبینێت. بە گشتی، ڕەنگە ئەم تێڕوانینە، زیاتر بواری دێموکراسییەکی قووڵ و هەمەلایەنە بڕەخسێنێت. لە هەبوونی وەها ڕوانگەیەکدا، تەنانەت بە لە پێش گرتنی ڕێگای یەکەم و نەچوون بەرەو سۆسیال دێموکراسییش، پەیوەندیی سۆسیالیستە دێموکڕاتەکان لەگەڵ سۆسیال دێموکڕاتەکان پاساودار دەبێت و دێموکراسی وەک خاڵی هاوبەش، هەردوولا لە ژێر چەترێک کۆ دەکاتەوە. لەم ڕوانگەیەوە دێموکراسی (کە خۆیشی دەکرێ وەک ئایدۆلۆژیا سەیر بکرێت) پاشکۆ نییە بۆ ئایدۆلۆژیاکان و پرسەکان تەنیا لە سۆنگەی ئابوورییەوە نابینرێن. هەروەها وەکوو دێموکراسیی سۆسیالیستی یان سۆسیالیزمی دێموکڕاتیک و کاپیتالیزمی دێموکڕاتیک، بە سەریاندا دابەش ناکرێت، بەڵکوو پێگەیەکی سەربەخۆ و بانتری هەیە.